


د. فازل جاف

# راهێنان بەهرە دەڕسکێنێ



هەرگیز نابم بەهونەرمەندێكی كارامە بەبێ راهێنانی بەردەوام، ئەمە قسەی ریچارد فۆرمانە، دەرهێنەری شانۆیی پۆست مۆدێرنیستی بەناوبانگی ئەمریكا، بەرلەویش زۆربەی كەڵە هونەرمەندانی كارامە و دەست رەنگین جەختیان لەسەر راهێنان و

کارکردنی بەردەوام کردووە.

مـیـیـرهولد ئامۆژگـاریی ئەکتـەرانی خـۆی دەکـرد و پێی دەگـوتن: راهێنان... راهێنان... راهێنان. لە بواری هونەری شێوەکاریشدا پیکاسۆ پاش کۆششی بەردەوام و راهێنانی سـەخت گـەیشـتـە پلەی نوێخـوازی و پێشـەنگی لە دنیـای هونـەری مـۆدێرنـدا. هونـەرمـەنـدە گـەورەکـان، داهێنـەرە مـەزنـەکـان، چ بەسـەلیقـە و چ پاش ئەزمـوونێکی بێ وچان، دەگـەنە ئەو بـاوەڕەی کـە بەهرە بەتەنیـا کـەس ناکـات بەهونـەرمـەندێکی پیشـەکـار، ئـەگـەر راهێنان و کـۆشـشی بـەردەوام وخـۆپێگەیاندنی لە گـەڵدا نەبێت. لە ئەدەبی کوردیشدا درۆ نییە گەر بڵێم کەس وەکو گۆران لە دەروێش عەبدوڵڵا گوزارشتی لێ نەکردبێت.

هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی

بەسەر پەنجەی هونەر کردت بەدیلی کۆششی زاڵت

راسـتـە مـرۆڤی خـاوەن بەهرە لە زۆر شـوێن وکـاتدا، بەئاسـانـی ناوبانگ پەیدا دەکـات و زوو دەناسـرێت، بەڵام ئەگەر مەسەلە تەنیا پشتبەستن بێت بەبەهرە، ئەوە ناکاتە هونـەر و داهێنان، بگرە هونەرمـەند لەم حـاڵەتەدا تـەنیـا دیاری سروشت دووپات دەکاتەوە.

بەهرەمـەند کـاتێک دەبێت بەهونەرمـەند کـە شـتـێک لە داهێنان و خـەلاقـیـیـەتی خـۆی دەخـاتە سـەر بەهـرەکـەی، شـتێکی تایبـەتی کـە زادەی کـۆشـشی خۆیەتی نەک تەنیـا دیارییـەکی خـۆڕسکی سروشت، واتە داهێنانێک کـە پشت دەبەسـتـێت بەتوانا و خـەلاقـیـیـەتی خـۆڕسکانەی هونـەرمـەندەوە، هـاوکـات بەهـرەی خـۆڕسکیش ئاراسـتـە دەکـات، داهێنانێک کە لە کۆشش و ئەزمـوونی هونەرمـەند خـۆیەوە هـەڵقـوڵابێت، ئەوەش تـەنیـا بەڕاهێنان و کـاری

"
**هـەرگـیـز نابم بەهونەرمەندێکی کارامە بەبێ راهێنانی بەردەوام**
"

"
**بەهرەمەند کاتێک دەبێت بەهونەرمەند کە شتێک لە داهێنان و خەلاقییەتی خۆی دەخاتە سەر بەهرەکەی**
"

بەردەوام دروست دەبێت.

لەم ڕۆژانەدا کتێبی گەڵای پایزی مامۆستا عەلی مەردانم خوێندەوە، کە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ کراوە.

ئەم کتێبە کە مامۆستا عەبدولقادر مەردان ئامادەی کردووە، سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ هونەرمەندانی ئەمڕۆ و ئایندەمان، گەلێ پەند و دەرسی هونەریی تێدایە، کە لێرەدا مەبەستم نییە باسیان لێوە بکەم، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە و لە هەموو شتێک گرینگترە، بایەخدانی مامۆستا عەلی مەردان بووە بەوەستایەتی و کارامەیی و خۆپێگەیاندن لە ڕۆژگارێکی گەلێ سەخت و دژواردا. ئەم کتێبە ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرتاپا ژیانی عەلی مەردان بریتی بووە لە سۆراخ و گەڕان و پشکنینی بەردەوام بەدوای بنەما و یاسا بنەڕەتییەکانی هونەری گۆرانی و مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی، کتێبەکە بەڵگەی تێکۆشانی گەورەترین هونەرمەندی کوردە لە پێناوی فێربوون و خۆپێگەیاندنی بەردەوام، تاکو دەگاتە پلەی مامۆستایەتی لە ناو عەرەبدا بەر لە ناو کوردان.

"بەرهەمی هیچ هونەرمەندێکی دیکەی کورد لە ڕووی وەستایەتی و کارامەیییەوە ناتوانێ شان بدات لە شانی. هیچ هونەرمەندێکی کورد وەکو ئەو شایەنی نازناوی "مامۆستا" نییە."

عەلی مەردان سەرەتا وەکو شاگردێکی دڵ گەرم و پاشتریش وەکو مامۆستایەکی کارامە هەمیشە لە ڕاهێناندا بوو، بەردەوام لەم مامۆستا بۆ ئەو مامۆستا، لە لای ئەم شارەزا بۆ لای ئەو شارەزا، بەدوای زانیاری نوێ و تەکنیکی نوێدا دەگەڕا.

"ڕاهێنان.. ڕاهێنان. مرۆڤی خاوەن بەهرە دەکات بەهونەرمەند"

کە بۆ یەکەم جار دەگاتە بەغدا، شەوان لەسەر ئەرزی ڕەقوتەق دەنوێت و لە ناو لانەوازاندا کڵاشەکانی دەکاتە سەرینی ژێر سەری، پاشان پەنا دەباتە بەر هەموو کارێکی قورس بۆ بژێوی ژیان، بێ ئەوەی زمانی عەرەبی بزانێت، لەوپەڕی برسێتی و نەهامەتی و بێ دەرەتانیدا، تەنیا بۆ

یەک ســات پەیامی هونەریی خـۆی لە یاد ناچێت: دەبێت خـۆی پـێ بگەیـەنێت و گـەشـە بەهونەرەکەی بدات، دەبێت گەشە بە بەهرەی مۆسیقا و مەقام و گۆرانی بدات.

عەلی مـەردان وەکو هـونەرمـەندە گەورەکانی جیـهان، وەکو بـاخ و مـۆزارت و شـوبێـرت هەستی دەکرد کە پەیامێکی گەورەی سروشتی پێیە و دەبێت پەرەی پێ بدات بۆ کەسانی دیکە ببێت بەمـامـۆسـتـا و قـوتابخـانە، هەروەکو فـرانز شـوبێـرتی سیـمـفـۆنیسـتی گەورەی ئەڵمانیا دەڵێت: من هاتوومەتە ئەم جیهانەوە تەنیا بۆ ئەوەی مۆسیقا دابنێم.

عـەلی مـەردانیش، هەر تەواو وەکـو شـوبێـرت، هـاتە ئەم جـیـهـانەوە بۆ ئـەوەی مـەقـام و گۆرانی بڵێت و لەم هونـەرەدا داهێنانی خۆی بسـەلمێنێت، نـەک تەنیـا دوای بنەمـا باوەکان بکەوێت ، بگرە وەکو هەر داهێنەرێکی مەزن، خۆی بنەما بۆ هونەرێکی نۆی دابنێت.

لە سەختترین ساتەکانی ژیانیدا ئەوە لە یاد ناکات کە بۆ ئەوە هاتووەتە ئەم جیهانە بۆ ئەوەی ببـێت بەوەسـتـای مـەقـامـات و گـۆرانی کـوردی و ئەم پەیامـەیش پەیامی بوونیـەتی، سـامـانی گـەورەی بەرهەمـەکـانی گـەواهی ئـەم بۆچوونەن، بەرهـەمی هیچ هونـەرمـەندێکی دیکەی کـورد لـە رووی وەسـتـایەتی و کـارامـەییـیـەوە نـاتوانێ شـان بدات لە شـانی. هیچ هونەرمەندێکی کورد وەکو ئەو شایەنی نازناوی "مامۆستا" نییە.

شـەوی یەکەمی عـەلی مەردان لە بەغدا بهێنـە پێش چاوی خۆت، هونەرمـەندێکی ئاوارە و لانەواز لە ژێر ســەددەیەک "بەنداوێک" کلاشـەکـانی دەکـاتە سـەرین، هـەر ئەم هونەرمـەندە پاشـتـر دەبێت بـەمـامـۆسـتـای گـەورەترین گۆرانیبێژان و مـامـۆسـتـایانی هونەری مـەقـامی کوردی و عـەرەبی، لە سەرووی هەمـوویانەوە، مامۆستـای مەقام و گۆرانی عیراقی، "محـمد القبـانچی"، عەلی مەردان لەگەڵ "محـمد القبـانچی"دا دەبنە نوێنەری مـۆسیـقای عیـراقی لە کۆنفراسی مۆسیـقای عـەرەبی لە قاهیـرەدا، لەوێ لەسـەر ئاسـتێکی بەرزی پرۆفیسـیۆنالانە بەدیداری محـەمەد عەبدولوەهاب وئوم کەلسووم و شـاعیری گەورەی عەرەب ئەحمەد شـەوقی شاد دەبێت.

کە ئەم کتێبە دەخـوێنیتەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە عەلی مـەردانی مامۆستـای گەورەی هونـەری کـوردی، ئەم نـازناوەی لە سـروشـتـەوە بۆ نـەهاتووە، بگرە بەکـاری بـێ وچان و راهێنانی بەردەوام بەدەستی هێنا، سـەرەڕای بەهرەی خـوایی خۆی، هـەر لە منداڵییـەوە، هەر لـە حـوجـرەوە بـاوەڕی تەواوی بەوە بـوو، کـە راهـێنان.. راهـێنان.. راهـێنان. مـرۆڤی خـاوەن بەهرە دەکـات بـەهونەرمـەند. ئەمــەش گـرینگتـرین وانـە و پەندە بۆ هونـەرمـەندانی ئەمڕۆ.